

# هیدفۆنێک بۆ پێوانەی لێدانی دڵ

هیدفۆن زیاتر بۆ گوێگرتن لە ئاواز و گۆرانی و دەنگە بۆ ئەوەی کە بە ئارامی و بێ ئەوەی کێشەیەك بۆ کەسانی دەوروبەرت درووستبکەی لە کاتی گوێگرتن لە گۆرانیدا بەکاری بێنی. هەردوو کۆمپانیای ئەنتەل و SMS AUDIO پێکەوە هیدفۆنێکیان چێکردووە کە جگە لەوەی ئەرکی وەك هیدفۆنێك ئەنجام دەدات، دەکرێت بەهۆیەوە پێوانەی لێدانی دڵیش بکرێت. ئەم هیدفۆنە هەستەوەری تایبەت بە پێوانەی لێدانی دڵی تێدایە کە بەدانانی لەناو گوێدا زانیاری گرنگ لەبارەی جەستەی بەکارهێنەرەکەی وەردەگرێت. پێدەچێت چینی وەرزشوانان پێشوازی لەم بەرهەمە دیجیتالییە نوێیە بکەن.




# کامێرایەکی دیجیتالی بەستایلێکی جیاواز

کۆمپانیای سۆنی لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالیدا لە ریزی کۆمپانیا سەرکەوتووەکان دێتەژمار، بەشێك لە چالاکییەکانی کۆمپانیاکە تایبەتە بە کامێرای دیجیتالی، لەم دواییەدا کامێرای جۆری DSC-KW11ی خستە بازاڕەوە. لە یەکەم نیگادا کامێراکە وەك شووشەبۆنێك دەبینی، هەربۆیە سەرنجی زۆری ئافرەتانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. هەستەوەری وێنەگرتنی کامێراکە 19 میگاپیکسلە. لێنز (عەدەسە)یەکی 21 ملمیشی لەگەڵدایە. سەرنجڕاکێشترین بەشی ئەم کامێرایە ئەوەیە کە دەکرێت 180 پلە بە دەوری خۆیدا بیسووڕێنی. شاشەکەی جۆری OLEDیە و 3.3 ئینجە و کامێراکە ئەم رەنگانەی هەن. سپی، پەمەیی، سەوز و مۆر کە بەم زووانە دەکەوێتە بازاڕەکانی جیهانەوە.



## مەچەکبەندی سمارت مۆبایل شەحن دەکاتەوە

مەچەکبەند، یان بازووبەند بە واتایەکی دیکە بازنەی دیجیتالی زۆر لەمێژ نییە خۆی لەنێو ئامێرە دیجیتالییەکاندا دۆزیوەتەوە، چونکە مێژووەکەی بۆ سێ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. یەکێك لەم بازووبەندە دیجیتالییانە کە لەم دواییەدا بەرهەم هاتووە، چەندین تایبەتمەندی هەیە، لەوانە وەك ئامێرێك یان باترییەکی زیادی بۆ مۆبایلەکەت شەحن دەکاتەوە و هەروەها لەکاتی پێویستدا دەتوانی وەك فلاش میمۆری بەکاری بێنی.
مەچەکبەندەکە لەلایەن کۆمپانیایەکی بەریتانی بەرهەم هاتووە و خاوەنی کاوەرێکی تایبەتە تا لەبەرکەوتن بیپارێزێ. کێشی بازووبەندەکە تەنیا 50 گرامە و هەروەها میمۆرییەکی بچووکی هەیە بۆ هەڵگرتنی داتاکان وەك وێنە و پرۆگرام و دۆکیۆمێنتەکان.



بەشێکی زۆری زانستی مرۆڤایەتی لە مێژوودا کە لەسەر کتێب نووسراون بەهۆی زیانەکانی سروشتەوە وەك لافاو و ئاگر و بەڵای دیکە لەناوچوون. زۆر کتێبی نایاب تەڕ بوون و کەڵکی خوێندنەوەیان نەماوە.
لەسەردەمی دیجیتالیدا کە کتێبخانەیەکی دە هەزار کتێبی و زیاتریش لە پەنجەکانی بەکارهێنەردا جێگەی دەبێتەوە، ئەو مەترسییانە ئیتر نامێنن. کتێبخانەی دیجیتالی کە لە راستیدا ئامێری کتێب خوێندنەوەی دیجیتالییە و پێکهاتووە لە شاشەیەك و هیچی تر، تا رادەیەك شوێنی کتێبی کاغەزی گرتۆتەوە. لەم دواییەدا ئامێرێکی دیجیتالی کتێب خوێندنەوە بەناوی KOBO AURA H20 بەرهەمهاتووە کە گەورەترین تایبەتمەندی ئەوەیە ئەگەر تەڕیش بێت و بکەوێتە ناو ئاویشەوە، ئەرکی خۆی هەر ئەنجام دەدات و تێکناچێت. شاشەکەی تەواو لەمسییە و تایبەتمەندییەکی هەیە بۆ شوێنی تاریکیش دەگونجێت، چونکە تەکنەلۆژییەکی تایبەتی تێدا بەکارهاتووە. رامەکەی تەنیا 4 گیگابایتە، بەڵام بە دانانی میمۆرییەکی 32 گیگابایتی دەکرێت میمۆرییەکەی زیاد بکرێت و هەتا 30 هەزار کتێب لە خۆیدا جێ بکاتەوە.

## یەکەم کتێبخانەی دیجیتالی دژە تەڕبوون








# تەنكترین هارددیسکی پورتێبڵ

هارددیسك و بەدوای ئەودا فلاش میمۆری وەك باشترین ئامراز بۆ هەڵگرتن و راگواستن و بە ئەرشیفكردنی داتاكانن، بەتایبەتی هارددیسك ، چونكە قەوارەی هەڵگرتنی داتاكان لە هارددیسـكدا زیاترە و ئەو مادانەی هارددیسـكی لێ چێ دەكرێت بەهێزترە و بۆیە جێگەی متمانەترە لە گشت ئامرازەكانی دیكەی هەڵگرتنی داتاكان.
لـەم دواییـەدا سـۆنی تەنكتریـن و كەمكێشـترین هارددیسكی دروست كرد، هەرچەندە پێشووتریش پێوانەی تەنكترین تەبلێتی بەناوی خۆی تۆمار كردبوو. تەنكترین هارددیسكی سـۆنی كە بە HD-S1Aناسراوە، توانای راگرتنـی (1 ترابایات) داتای هەیە و بارسـتاییەكەی تەنیا 8 ملمە كە ناگاتە (یەك سـانتیمش) كێشـەكەی 155 گرامە. هاردەكە بۆ راگواستنی داتاكان لە پۆرتی USB 3 سوود وەردەگرێت.

## پرۆگرامێک بۆ چێکردنی

پرۆگرامگەلێكی زۆر هەن كە ئەركیان فیلم هەڵگرتنە لە دیسـكتۆپ و بۆ پرۆگرامی فێركردن زۆر گونجاون، فیلم و وێنە هەڵگرتنەوە لە شاشـە یەكێك لە ئەركە گرنگەكانی چێكردنی فیلمی فێركارییە. پرۆگرامێكی بەهێزیش بۆ ئەم مەبەسـتە ئەركی فێركارییەكە ئاسانتر دەكاتەوە. پرۆگرامی Ashampoo snap یەكێكـە لـەم پرۆگرامە بەهێزانە. پرۆگرامی ناوبـراو رێنوێنی تایبەتی تێدایە بۆ ئەوانەی كە تازە بەم پرۆگرامە ئاشـنان. هەندێك لە تایبەتمەندییەكانی

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێكـی بەرێز دەپرسـێت رۆژانە چەندیـن جار لەلایەن كۆمپانیاكانەوە بەتایبەتی كۆمپانیای خزمەتگوزاری مۆبایلەكەم كورتەنامـە دێت، ئایا رێگایەك هەیە بۆ ئەوەی كە كورتەنامەی ریكلامكردن بۆ مۆبایل نەیەت؟ چونكە جار هەیە شەوانە دێت و لە خەو رادەبم كە نەكا شتێك رووی دابێت كەچی دەبینم كورتەنامەی ریكلامە. چ شێوازێك هەیە بۆ نەهاتنی كورتەنامەی ریكلام؟
خوێنەری بەرێز ئەگەر مۆبایلەكەت سیسـتەمی ئەندرۆیدی لەسەرە جا هەر مۆبایلێك بێت دەكرێت پرۆگرامی i clean-box دابەزینی، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە نە تەنیا كورتەنامەی ریكلام بەڵكـو هەر كورتەنامەیەك كە حـەزی لێنەكەی و واتە ئەوانەی بێزاریشـت دەكەن بە كورتەنامـە دەكرێت بۆت نەیەت، چونكـە هەر كورتەنامەیەك بۆت بێت لـە پرۆگرامەكەدا دەبێت و پرۆگرامەكەش سـێ هەڵبژاردەت دەداتـێ، ئایا ژمارەیە بۆ هەمیشـە بلۆك بكەم، یان هەر ئەمجـارە بلۆكی بكەم یان قەت بلۆكی نەكەم. ئیدی بەهۆیەوە بۆ هەمیشە لە كۆڵ كورتەنامەی ریكلام دەبیەوە.






# کاتژمێرە هۆشمەندەکان بەرەو کوێ؟

کاتژمێری هۆشـــمەندی دیجیتالی ماوەیەکە بازاڕی ئامێرە دیجیتالییەکانی گەرم کردووە، بەڵام داهاتووی کاتژمێری دەســـت بەرەو کوێ دەبەن؟ ئایا لەمەولا تەنیا کاتژمێری زیرەك بەرهەم دێت و پشت لە کاتژمێری دیکە دەکرێت؟ وەڵامەکە زۆر روونە، دەکرێت بڵێین هەر لە ئێستاوە داهاتوو هی کاتژمێری دیجیتالە، رەنگە نە تەنیا شوێنی کاتژمێر، بەڵکو شوێنی مۆبایلیش بگرنەوە.

لـــەم ماوەیەدا کاتژمێرێکـــی ژیرۆك بەناوی Omate X بەرهەم هاتـــووە کە لەگەڵ هەردوو سیســـتەمی ئەندرۆیـــد و ئای ئۆ ئێـــس دەگونجێـــت، کاتژمێرەکە هەتا هەفتەیەك پێویســـتی بە شەحنکردنەوەی نابێت.

ئـــەم کاتژمێرە نوێیە لە رێگەی بلوتوســـەوە لەگـــەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت، بەســـەیرکردنی زانیارییەکانی ســـەر مۆبایلەکەت دەزانی، زانیارییەکانی وەك: پەیوەندییەکان، سەیرکردنی ئەکاونتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیســـبووك و تویتەر و کۆنترۆڵکردنی موســـیقا و.. تاد. شاشەکەی 1.54 ئینجە و بارستاییەکەشی 11 ملمە.

## فیلمی فێرکاری




پرۆگرامەکە بریتین لە:
- سێ جۆری هەڵگرتنەوەی فیلم.
- فیلم هەڵگرتنەوە گشتی لە ویندۆز و پرۆگرامەکان.
- فیلم هەڵگرتنەوە بەو پێیەی کە بەکارهێنەر بۆی دادەنێت و بەرنامەی بۆ دادەڕێژێت.
- توانای گرتنی چەندین وێنە بەبێ دستپێکی دووبارە.
- تـوانـــای زێدەکردنـــی ئیفێکتی جۆراوجـــۆر و چەندین تایبەتمەندی دیکەشی هەیە.



## سایتێک بۆ دانانی سینی سەتەلایت

دانانی ســـینی یان سێڵی ســـەتەلایت پێویستی بە وەستا و شـــارەزای تایبەت بەخۆیەتی، جـــار هەیە خۆت هەوڵێکی زۆر دەدەی بـــەڵام بۆت جێبەجێ نابێت، کەچی شـــارەزایەکی ئەم بوارە بـــە چەند خولەکێك ئامادەی دەیکات. حەز دەکەی خۆت شارەزای دانانی سێڵی ســـەتەلایت بیت، بۆ ئەم مەبەستە سەر لەســـایتی DishPointer.comبدە. کار کردن لەســـەر ئەم سایتە زۆر ئاســـانە، لە بۆکسی یەکەمدا ناوی ئەو شوێنە دەنووســـی کە لێی نیشـــتەجێی، لە بۆکسی دووەمدا ناوی ئەو مانگە دەستکردەی دەنووســـی کەمەبەستە وەك (hotbed, nilsat. Badr) دواتر ســـایتەکە شوێنی دانانی ئەو مانگە دەســـتکردەت بۆ نیشـــان دەدات. سەرەتا ســـایتەکە بە سوود وەرگرتن لە نەخشـــەی گوگل نەخشەی شـــارەکەت بۆ نیشان دەدات و دواتر دەتوانی زوم لە شارەکەت بکەی و شوێنی خۆت بدۆزیەوە. سایتەکە پرۆگرامێکیش بۆ مۆبایلی ئایفۆن چێکردووە کە بەهۆیەوە دەتوانرێت شـــوێنی گشت مانگە دەستکردەکان لە ئاسماندا ببینی.